**بەزەیی و بەخشندەیی**

لە دو هەفتەی ڕابردو یارمەتیی چەند کەست داوە ؟ مانگی ڕابردو یەمەتیی چەند هەژارت دا ؟ گرنگ نییە هەژاریت یا دەوڵەمەند ، یارمەتی مەرج نییە هەر بە پارە بێت ڕەنگە جاری واهەیە قسەیەکی خۆش ، هەڵوێستێکی جوان ، سڵاوێک بەقەد بەخشینی دەیان هەزار دینار کاریگەر بێت .

مرۆڤ بە سروشت وا خولقاوە کە حەزی لە بەخشین نییە ، مرۆڤ بە تایبەت  پیاو حەزی لە کۆکردنەوەی شتە و حەزی لە خاوەنداریێتییە ، ژن حەزی لە دروستکردن و بەخشینە ، بێگومان ئێمە ناتوانین سروشتی مرۆڤەکان بگۆڕین چونکە تەواوی پەیوەندیە ئابورییەکانی جیهان لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە . پیاو کەمتر حەزیان لە شت کڕینە ، ژن زۆرترین کاتی یا خەریکی شت کڕینە یا خەریکی گەڕانە بەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوای شت کڕین یا بیر لە شت کڕین دەکاتەوە .

بەخشین کارێکی ئاسان نییە چونکە وەک ئاماژەمان پێدا ، پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە هەر بۆیە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی ببەخشن پێویستییان بە پاڵنەرێکی بەهێز هەیە ، بۆ نمونە خودا زۆر داوا لە مسوڵمانان دەکات کە ببەخشن ، ئەگەر بەخشین کارێکی سروشتی بوایە ئەوا پێویست نەبو هیچکەس فرمانمان پێبکات تا ببەخشین .

ڕۆژوگرتن بە هەمان شێوە ، پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە ، سروشتی مرۆڤ واتە خواردن ، بۆ ئەوەی بەڕۆژو بین پێویستیمان بە پاڵنەرێکی بەهێز و پیرۆز هەیە ، چونکە کەسمان حەز بە برسێتی ناکەین.

بەخشین و بەڕۆژوبون دو ڕاهێنانی زۆر بەسودن بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ لەسەر بەخشندەیی و ئارامگرتن . بێگومان خودای میهرەبانیش دەیەوێت ڕامان بهێنێ لەسەر ئارامگرتن و بەخشین چونکە ئەم دو خەسڵەتە زۆر کاریگەرن ، زیادەڕەوی ناکەم گەر بڵێم هەرکەسێک ئارام و بەخشندە بێت هەرگیز لە ژیانیدا نە توشی خەم دەبێت و نە پەشیمانی ، چونکە زۆرینەی شکست و کارەساتەکان لە ئەنجامی بێ ئارامی بەسەرمان دێن ، هەروەها زۆرینەی خەمەکانمان بە بەخشندەیی چارەسەر دەبن .

پرسیارە گرنگەکە لێرە ئەوەیە ، ئایا چۆن ئارام و بەخشندە بین ؟

بەخشندەیی ئەگەر لە پەروەردەدا نەبێت ئەستەمە لەسەری ڕابێین ، ئارامگرتنیش بەهەمان شێوە ، واتە هەر لە منداڵیەوە پێویستە تاکەکان فێری بەخشندەیی و ئارامی بکرێن و لەگەڵی گەورەبن . سەرنج بدە کاتێک هەژارێک دەبینی بۆ ئەوەی نەبەخشی سەدان بیرۆکە بەناو مێشکتدا گوزەر دەکەن (هەژار نییە سوالکەرە ، فێڵبازە ، قۆڵبڕە ، فێری سوڵکردن دەبێ هانی مەدە ، بۆ ناچێ کاربکا ؟ مەبەخشە دوایی خۆت هەژار دەبیت ....) یەکێک لەم بیرۆکانە بەسە بۆ ئەوەی نەبەخشیت .

لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە هەر سواڵکەرێکمان بینی یارمەتیی بدەین ، من تەواو دژی سواڵکردنم ، بەڵام خۆ هەژاری ڕاستەقینەش زۆرن ، ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە ، مرۆڤ گەر هەموکات پێویستیی بە پاڵنەر بێت بۆ بەخشین ئەوا بەخشندەیی نییە بەڵکو بەزەییە ، ئەگەر دوای بینینی ڤیدیۆیەکی کاریگەر هەستت جوڵا و بڕیارتدا یارمەتیی کەسێک بدەیت ئەوا دڵنیابە کە بەخشندە نیت بەڵکو هەستی

بەزەییت جوڵاوە ،هەر بڕیارێکیش لە سۆزەوە سەرچاوە بگرێت ئەگەری زۆری هەیە دژی لۆجیک بێت ، بۆیە سەرنج بدە هەمو ئەو بابەتانەی بۆ هاندان ئامادەدەکرێن کار لەسەر سۆزی مرۆڤ دەکەن نەک لۆجیک ، ڤیدیۆی کاریگەر ، مۆسیقای کاریگەر و هەست بزوێن ، وێنەی سەرنجڕاکێش و هەست بزوێن ، وتەی کاریگەر و دەقی پیرۆز گرنگترین پێکهاتەکانی بابەتەکانی هاندانن .

دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان بەخشندەیی و بەزەیی ، بەخشندەیی واتە بەخشینی بێ بەرامبەر کە لە هەستێکی جوانەوە سەرچاوە دەگرێ لە کاتێکدا بەزەیی تەواو پێچەوانەیە ، بەزەیی خۆپەرستییە چونکە کاتێک سۆز کارت تێدەکات دەستی یارمەتی بۆ کەسێک درێژبکەیت ئەوا دڵنیابە لەناخت شتێک ڕویداوە ، خۆت لە جێگەی هەژارەکە داناوە و خێر بە خۆت دەکەیت نەک هەژارەکە . واتە خەریکی بازرگانی دەبیت نەک بەخشندەیی ، هەروەک چۆن گوتمان مرۆڤ حەزی لە بەخشین نییە کاتێکیش لەژێر کاریگەریی هەست و سۆز دەبەخشێت ئەوا دەبێتە مامەڵە ، مامەڵە لەگەڵ خۆت ، چونکە ڕەنگە تۆش بەیانی پێویستیت بە یارمەتی ببێت ، یاخود مامەڵە لەگەڵ خودا ، با من ببەخشم بەڵکو خودا هێندە و هێندە زیاترم پێ دەبەخشێ وەک خۆی بەڵێنی داوە !

هەر کردەوەیەکی چاک لەژێر کاریگەریی پاڵنەرێکی دەرەکی بێت بەخشندەیی نییە بەڵکو بازرگانییە .

هەمان شت بۆ ئەرکە ئاینییەکانیش ڕاستە ، گەر تۆ لەپای چونە بەهەشت و ترسی ئاگر خودات خۆش بوێت و نوێژبکەیت ئەوا دڵنیابە بازرگانێکی بێ بڕوایت ، ئەگەر لە پێناوی دەسکەوتنی پارەی زیاتر پارە ببەخشیت ئەوا بازرگانێکی چاوچنۆکیت نەک بەخشندە ، ئەگەر لە پێناوی دەسکەوتنی پاداشت بەڕۆژو دەبیت ئەوا دڵنیابە تەنها برسێتی و تینوێتیت بۆ دەمێنێتەوە .

ئەرکە ئاینیەکان بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤن ، بۆ ڕاهێنانی مرۆڤن لەسەر جڵەوکردنی پاگەزە ئاژەڵییەکان ، مرۆڤ بە سروشت حەزی بە بەخشین نییە ، حەزی بە برسێتی نییە ، حەزی بە ئارامگرتنیش نییە ، گەر دەتەوێ بزانیت چاکەکاریت یا بازرگان بەخشندەیی و برسێتی و ئارامگرتنی خۆت تاقی بکەوە لە مانگێکدا ، بزانە لە مانگێکدا چەند جار یارمەتیی خەڵک دەدەیت ، برسێتی خۆت تاقیبکەوە لە دەرەوەی مانگی ڕەمەزان ، بۆ ئەوەی هەست بە ئازاری هەژاران بکەیت ، ئارامگرتنیشت لە کاتی توڕەبونت تاقی بکەوە بۆ نمونە لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە قەرەباڵغی و جەنجاڵیدا.

ئەگەر پەیامی خودا نەمانگۆڕێت لە مرۆڤێکی خۆپەرست و بێ ئارام بۆ مرۆڤێکی بەخشندە و ئارام چیمان لە پەیامەکە وەرگرتوە؟ نوێژ و ڕۆژو سودیان چییە ئەگەر فێری بەخشندەیی و ئارامیمان نەکەن ؟

هەمومان نوێژدەکەین و ڕۆژو دەگرین بەڵام ئایا چەندمان بەڕاستی مانای بەخشندەیی و ئارامی دەزانین و لە ژیانی ڕۆژانەماندا جێبەجێیان دەکەین ؟ بۆچی من و تۆی مسوڵمان خۆپەرست و بێ ئارامین ؟ هەڵەکە لە کوێیە ؟ دڵنیام لە ئاینەکە نییە بەڵکو لە خۆمانە ، ئێمە دروشمی گەورە و بریقەدارمان هەڵگرتوە و کردەوەکانیشمان پێچەوانەی دروشمەکانمانن . شەریعەتی دەربارەی مسوڵمانی بێ ناوەرۆک زۆر جوانی گوتوە:

" ئاینێك گەر بە کەڵی دونیا نەیەت ، بەدڵنیاییەوە بە کەڵکی قیامەتیش نایەت " .